**FOR IMMEDIATE RELEASE**

للإصدار الفوري

**لێدوانی رۆژنامەوانی**

United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)

بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری کردنی عیراق (یونامی)

# PRESS RELEASE

**کۆبیشی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانەی تەقینەوە "قێزەون"ەکانی بەغدا دەکات :"یەگرتوویی گەل و کۆششە یەکلاکەرەوەکانی هێزەکانی ئاسایش بە دڵنیاییەوە پیلانی شەڕانگێزانەی تیرۆریستان تێکدەشکێنێ"**

**بەغدا، ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨** – نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ، بەڕێز یان کۆبیش، بە توندی ئیدانەی تەقینەوە ترسنۆکەکانی شاری بەغدای کرد کە ئەمڕۆ چەند ناوچەیەکی نیشتەجێ بوونی لە بەغداو شاری سەدر کردە ئامانج و جەندین کوژراو و برینداری لە خەڵکی سڤیل لێکەوتەوە. نوێنەری تایبەت پرسەو سەرەخۆشی خۆی بۆ خانەوادەی کوژراوەکان دەربری و هیوای چاکبوونەوەی خێراشی بۆ بریندااران خواست.

بەڕێز کۆبیش داوای لە دەسەڵاتداران کرد زیاتر وریا و چاوکراوە بن بۆ ئاشکراکردنی تاوانباران و پووچەڵ کردنەوەی هێرشی تر.

بەڕێز یان کۆبیش وتی " ئامانج لەم کردەوە قێزەونانە تێکشکاندنی گیانی عێراقییەکانە، بە تایبەتیش بەغداییەکان ئەوانەی دەستیان کردبوو بە دروینەی بەرووبومی ئاشتی و هەروەها ئامانجیان تەگەرە دروست کردنە لە هەمبەر پێشوەچوونی بەرچاوی وڵات بەرەو سەقامگیریی، بەلام یەکگرتوویی گەل و و کۆششە یەکلاکەرەوەکانی هێزەکانی ئاسایش بە دڵنیاییەوە پیلانی شەڕانگێزانەی تیرۆریستان تێکدەشکێنێ"

* * * *

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی نوسینگەی راگەیاندن و تەبێژی (یونامی) بەڕێز سەمیر غەتاس بە
ئیمێلی *ghattass@un.org* یان unami-information@un.org یانیش بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٠٩٦٤٧٩٠١٩٣١٢٨١

**United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)**
Public Information Office (PIO) - Baghdad
Phone: +39 083 105 2640 or +39 083 105 2644

http://www.uniraq.org/

http://www.flickr.com/photos/uniraq/

https://www.facebook.com/UnitedNationsIraq

https://twitter.com/UNiraq

**#ServingForPeace**